باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغداد
نوسینگەی ووتەبێژ

3ی ئایاری 2015 بۆ بڵاوکردنەوەی دەستبەجێ

بەیاننامەی ڕۆژی جیهانی ئازادی ڕاگەیاندن

باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا یادی ڕۆژی جیهانی ئازادی ڕاگەیاندن دەکاتەوە. کە بۆنەیەکی سالانەیە بۆ ڕێزگرتن و شکۆدانان بۆ ئەو ڕۆڵە گرنگەی ڕاگەیاندنی ئازاد لە دیموکراسیدا دەیگێڕێت بۆ دڵنیابوون لە دەسپێڕاگەیشتنی ئەو زانیاریانەی هاونیشتیمانی هۆشیار پێویستیەتی. ڕۆژی جیهانی ئازادی ڕاگەیاندن هەروەها هەڵێکە بۆ ڕێزگرتن لەو ڕۆژنامەنوسانەی هەراسان کراون و ئازاردراون یان ژیانیان لەدەست داوە. باڵیۆزخانەی ئەمەریکا بەووردیەوە سەیری ڕاپۆرتی ڕوانگەی ئازادیە ڕۆژنامەوانیەکانی عێراق دەکات کە ئاماژە بەوە دەکات کەوا لە 3ی ئایاری 2014 ەوە 32 ڕۆژنامەنوس کوژراون یان بریندارکراون لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانیان لەعێراق . وە 27 ی تریش ڕفێنراون.

هەروەک سەرۆک ئۆباماگوتی ''یەک شەمە ڕۆژی جیهانی ئازادی ڕاگەیاندنە. ڕۆژێک کە تیایدا ئەو ڕۆڵە گرنگە دووپات دەکەینەوە کە ڕاگەیاندنی ئازاد لە دیموکراسي و لە تیشک خستنە سەر ئاستەنگ و وەحشیگەراییەکان دەیگێڕێت. وە بەهەمان شێوە لە تیشک خستنە سەر چیرۆکە نوێدبەخشەکان کە لەوڵاتانی سەرانسەری جیهاندا بەدیدەکرێن. ڕۆژنامەنوسان هەلی ئەوە دەدەن بەهەمومان وەکو هاونیشتیمانیان بۆ زانینی ڕاستی دەربارەی وڵاتەکانمان و خۆمان و حکومەتەکانمان. ئەوەش وامان لێدەکات باشتر و بەهێزتر بین. سەدای بێدەنگەکان دەبێت و ئادادپەروەری دەردەخات و سەرکردەکانی وەک منیش ڕوبەڕوی بەرپرسیارێتي دەکاتەوە .''

###